بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی كوردستانی عێراق
## سەرۆكایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (22) ساڵی 2008

## بڕیاری ژمارە ( 3 )ی ساڵی 2008

بە پێی بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەمواركراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (2) لە 15 /9/2008 بڕیارماندا بە دەركردنی:

## بڕیاری ژمارە ( 3 )ی ساڵی 2008

**یەكەم:** ڕۆژی 1988/3/16 ڕۆژی كیمیابارانی هەڵەبجەیە لەلایەن ڕژێمی دیكتاتۆری لە ناو چوو.

**دووەم:** ڕۆژی كۆچی دوایی شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە، ڕۆژی 1988/3/16و دواترە، هەریەك بەپێی بەڵگەنامەی كۆچی دوایی، نەك لە 1988/3/13 هەروەك ڕژێمی لە ناوچوو هەوڵی داوە بیچەسپێنێت.

**سێیەم:** حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەسەر هەموو مامەڵەكانی پێش بەركاربوونی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكرێت.

چوارەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

پێنجەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم بڕیارە.

شەشەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاْودەکرێتەوە.

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق

ئەم بڕیارە لە3ی رەزبەری 2708ی کوردی بەرامبەر25ی رەمەزانی 1429ی کۆچی و بەرامبەر 25ی ئەیلولی 2008ی زایینی لە هەولێر دەرچووە .

## هۆیە پێویستکارەکان

سەبارەت بە ڕوودانی هەندێ کێشەی یاسایی لە کاتی پیادە کردنی یاساکەو سەبارەت بەوەی کە ڕژێمی لە ناوچوو رۆژی 3/13ی داناوە بە ڕۆژی کۆچی دوایی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە پێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەکەوە بۆ شێواندنی مێژوو و چاوپۆشین لەو تاوانەی کە لەلایەنییەوە ئەنجامدراوە و بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لە بارەی مێژووی راستەقینەی ئەو تاوانەی ئەنجامدراوە ئەم بڕیارە دەرچوینرا.